حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی پەروەردە
بەشی جوگرافیا

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ ئاستەکانی لە دایک بوون لە ناحیەی هیران لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٠-٢٠٢١)

**توێژینەوەیەکە لەلایەن خوێندکار (مالیک حمد مستەفا) پێشکەش بە بەشی جوگرافیای فاکەڵتی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە کراوە وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە (زانستی جوگرافیا)**

**بەسەرپەرشتی**

**پ.ی.د.پێشرەو سەمەد تۆفیق**

٢٧٢٢ی کوردی ٢٠٢٢ی زاینی ١٤٤٤ی کۆچ

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

من (پ.ی.د.پێشرەو سەمەد تۆفیق) ڕایدەگەیەنم کە ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی (شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ ئاستەکانی لە دایک بوون لە ناحیەی هیران لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٠-٢٠٢١))
یە بە سەرپەرشتی من ئامادە کراوە لە بەشی (جوگرافیا)، فاکەلتی (پەروەردە) لە زانکۆی کۆیە لە لایەن خوێندکار (مالیک حمد مستەفا) وەك بەشێك لە داواکاریەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس.

واژوو
پ.ی.د.پێشرەو سەمەد تۆفیق
ڕێکەوت: /٢٠٢٢/١٢

==========================================================

## ڕەزامەندی سەرۆکی بەش

لە سەر پێشنیاری سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە ناو و واژووی لە سەرەوە هاتووە، ئەم توێژینەوەیە پێشکەش بە لێژنەی گفتوگۆ دەکەم بۆ تاوتوێکردنی.

واژوو

ناو: پ.ی.د. ئاشتی سلام صدیق

سەرۆکی بەشی جوگرافیا

ڕێکەوت: /٢٠٢٢/١٢

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەکو ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ جەخت دەکەینەوە کە ئەم توێژینەوەیەمان بە ناونیشانی (شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ ئاستەکانی لە دایک بوون لە ناحیەی هیران لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٠-٢٠٢١) خوێندۆتەوە وگفتوگۆمان لەگەڵ خوێندکار (مالیک حمد مستەفا) لە سەر هەموو لایەنەکانی توێژینەوەکە ئەنجامداوە. بە ڕای ئێمە، هەموو مەرجەکانی توێژینەوە وبەدەستهێنانی پلەی بەکالۆریۆس لە (جوگرافیا) لە خۆ دەگرێت.

واژۆ

| | | |
|---|---|---|
| ناو: | ناو: | ناو: |
| ڕێکەوت: /١٢/٢٠٢٢ | ڕێکەوت: /١٢/٢٠٢٢ | ڕێکەوت: /١٢/٢٠٢٢ |

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

(والله خلقكم ثم يتوفاكم و منكم من يرد إلى أرذل الحمر لكى لايحلم بحد علم شيئا إن الله عليم قدير)

﴿ صدق الله العظيم ﴾

سورة النحل اية٧٠

# پێشکەشە بە:

- باوکی خۆشەویستم کە شەو رۆژی خستە سەریەک تا ئێمەی پێگەیاند.
- بەدایکی شرینم هاوەڵی هەموو شەونخوونی و خۆزەگەکانی تەمەنم.
- بەو دڵانەی ناسکترن لە گوڵ و بۆم دەژین و بۆیان دەژیم.براکانم
- بەسەرجەم ئەو کەسانەی هەوڵی فێربوون و زانست و زانیاری ئەدەن.
- بە دانیشتوانی ناحیەی هیران.

# سوپاس و پێزانین

- سوپاس و بۆ پەروەردگاری میهرەبان کە هێز و توانای پێ بەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.
- زۆر سوپاس و رێزو وەفاداریم هەیە بۆ (پ.ی.د.پێشرەو سەمەد) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم توێژینەویەی گرتە ئەسۆ.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە رۆژێک لە رۆژان و وشەیەکی بە سودیان فێرکردووم.
- سوپاس بۆ هەموو مامۆستایانی بەشی جوگرافیا.
- زۆر سوپاس بۆ هاورێ ئازیزەکانم بەتایبەتی کاک(شاکر، سالح)

## ناوەرۆك


| ز | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ئایەتی قورئان | ج |
| ٢ | پێشکەشه به | د |
| ٣ | سوپاس و پێزانین | ە |
| ٤ | ناوەرۆك | و-ز |
| ٥ | پێرستی خشتەکان | ز |
| ٦ | پێرستی نەخشەکان | ز |
| ٧ | پێرستی شێوەکان | ز |
| ٨ | پێشەکی | ١-٣ |
| ٩ | بەشی یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆلینەوە | ٤-١٨ |
| ١٠ | باسی یەکەم: ڕەهەندی جوگرافیا | ٥ |
| ١١ | باسی دووەم: ڕەهەندی دیمۆگرافی | ١١ |
| ١٢ | باسی سێیەم:چەمک و زاراوەکان | ١٥ |
| ١٣ | **بەشی دووەم: ئاستەکانی لە دایک بوون و پێکهاتەی رەگەز لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٠-٢٠٢١** | ١٩-٢٤ |
| ١٤ | باسی یەکەم: ئاستەکانی لە دایکبوون لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٠-٢٠٢١ | ٢٠ |
| ١٥ | باسی دووەم: ئاستەکانی لە دایکبوون بە پێی پێکهاتەی رەگەز لە ماوەی ٢٠١٠-٢٠٢١ | ٢٢ |
| ١٦ | **بەشی سێیەم: ئەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر ئاستەکانی لە دایکبوون هەیە** | ٢٥-٣١ |
| ١٧ | باسی یەکەم: هۆکارە مرۆییەکان | ٢٦ |
| ١٨ | باسی دووەم: هۆکارە ئابوریەکان | ٣٠ |
| ١٩ | **ئەنجامەکان** | ٣٢ |
| ٢٠ | **ڕاسپاردەکان** | ٣٣ |
| ٢١ | **لیستی سەرچاوەکان** | ٣٤ |

## پێرست خشتەکان



| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتوانی  ناحیەی هیران و قەزای شەقڵاوە لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٥٧-٢٠٢١) | ١٢ |
| ٢ | ڕێژەی گەشەی سالانەیدانیشتوان لە ناحیە هیران و قەزای شەقڵاوەلە ماوەی ساڵانی ١٩٥٧-٢٠٢١ | ١٣ |
| ٣ | ڕێژەی لە دایکبوان لە ناحیەی هیران لە ساڵانی(٢٠١٠-٢٠٢١) لە هەزاردا | ٢٠ |
| ٤ | ڕێژەی لە دایکبوان لە ناحیەی هیران بەگوێرەی رەگەزلە ساڵانی(٢٠١٠-٢٠٢١) | ٢٤ |
| ٥ | ڕێگای گواستنەوەی قیرتاوکراو | ٣١ |



## پێرستی نەخشەکان



| ژمارەی نەخشە | ناونیشانی نەخشە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ناوچەی لێکۆلینەوە بە گوێرەی قەزای شەقلاوە پارێزگای هەولێر | ٦ |
| ٢ | بەرز و نزمی ناوچەی لێکۆلینەوە | ٧ |
| ٣ | شوێنی ناوچەی لێکۆلینەوە بە پێی یەکە کارگێرییەکانی دەوورووبەری | ٨ |



## پێرستی شێوەکان



| ژمارەی شێوە | ناونیشانی شێوە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | شێوەی ژمارە یەك ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی هیران وقەزای شەقڵاوە(١٩٥٧-٢٠٢١) | ١٢ |
| ٢ | ڕێژەی گەشەی سالانەی دانیشتوان لە ناحیەی هیران و قەزای شەقلاوە لە ماوەی (2021-1957) | ١٤ |
| ٣ | ڕێژەی لە دایکبوان لە سالّی ٢٠١٠-٢٠٢١تیادا تۆمارکراوە | ٢١ |
| ٤ | ئاستەکانی لە دایکبوون بە پێی پێکهاتەی رەگەز لە ماوەی نێوان ٢٠١٠-٢٠٢١ | ٢٤ |

# پێشەکی

لێکۆڵینەوە لەهەر بابەتێکی جوگرافی گرنگی و بایەخی خۆی هەیە،جوگرافیای دانیشتوانیش وەک لقێکی سەرەکی لە جوگرافیای مرۆیی گرنگیەکی زۆر دەدات بە دانیشتوان و هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە دانیشتوانەوە هەیە وەک لەدایکبون و مردن و کۆچ و جۆرەکانی تری جوڵەی دانشتوان کە لەپرۆسە سەرەکییەکانی دانیشتوان، لە دایک بوون لەهەموو کۆمەڵگاکاندا دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ زۆربوونی دانیشتوان وە زۆربوونی دانیشتوان پەیوەستە بە رێژەی لە دایک بوون کەلە شارێکەوە بۆ شارێکەیان لە هەرێمێک بۆ هەرێمێکە جیاوازە ئەمەش بەهۆی هۆکارەکانی سروشتی و مرۆیەکان و ئابوریەکان لەم چواناوچەی لێکۆلینەوە یەکێکە لەو ناوچەکان کە رێژەی لەدایک بوون تیایدا بەرەو کەم بوونەوە چووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێژەی تۆمارکراوی لە دایکبون زۆر کەمترە وەک ئەوەی لە راستیدا هەیە،بۆیە ئەمە بۆتە پاڵنەرێک بۆ توێژەران کە بە چاوێکی تایبەت سەیری تێکرای لەدایکبون بکەن و لێکۆڵینەوەی تیادا ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی بکەنە ئامانجێک تا چارەسەرێک بۆ ئەمە کێشەیە بدۆزنەوە. چێوەیەدا گرینگی بە لە دایک بوون دەدەین لە ناحیەی هیران لە رووی جۆری لە دایک بوون و لە دایک بووان بەپێ پێکهاتەی رەگەزو ئەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر لەدایک بوون. بەم شێوەیەکی گشتی لە هەموو کۆمەڵگاکاندا لە دایکبون لە هەرێمک بۆ هەرێمێکی دیکە جیاوازی خۆی هەیە تەنانەت لە خودی هەرێمک لە ناوچەیەکی تا ناوچەیەکی دیکە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاوازی هەیە ئەمەش بە هەر هۆکارێکی سروشتی و مرۆیەکان وئابوریەکان لەم چوارچێوەیەدا گرنگی بە لە دایک بوون دەدەین لە هەرێمی کوردستان لە رووی گەشە و دابەشبون و هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر لە دایکبوون. ناحیەی هیران لە ماوەی نێوان ساڵانی لێکۆلینەوەدا گۆرانی گەورەی بەسەر داهاتووە و زیادی کردووە،ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری سروشتی و مرۆیی لە پشتەوەیە کە لەمیانەی ناوەرۆکی لێکۆلینەوەکەماندا ئاماژەمان پێکردووو،لە میانەی ئەم زیاد بوونەش پشکی گەورە بەر هۆکاری لە دایک بوون کەوتوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

- یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەلبژاردنی ئەم بابەتە هۆکاری حەزو ئارەزووە
- کەمی توێژینەوەی لەم بارەیەوە.
- گرنگی ناوچەکە لە رووی کارگێرییەوە کەوتۆتە نێوان هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و کەرکوک.
- کەم بونەوەی لە دایکبون بە هۆی کەمی داهات و پێک ئەهێنانی خێزان.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرینگی باسەکە لەوەدا دەردەکەوێت کە لێکۆلینەوەیەک ئەنجام دەدات لە چوارچێوەی لقێکی نویێ جوگرافیای دانیشتوان بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کە جوگرافیا هەیەتی کە جیاوازی پەیوەندیە شوێنییەکانی نێوان دیاردەکان دەردەخات لەسەر رووی زەوی لەو بۆچونەوە لە دایکبون لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە بابەتی توێژینەوەکە ، لایەنێکی گرینگی لێکۆلینەوەکان ئاشنابونی خوێنەرانە ببابەتی نوێ و بەچنگ کەوتنی کۆمەڵێک زانیاری نوێ دەربارەی ئەو لێکۆلینەوانەی کە دەکەونە بەردەست بەئامانجی کۆکردنەوەی زانیاری، بەکارهێنانی بێت بۆ لێکۆڵینەوەیەکی نوێ یاخود سود وەرگرتن لەلایەن دامودەزگا حکومیەکان تاکو لە ژێر رۆشنای ئەم لێکۆلینەوەیە پیلانەکانیان دابرێژن

**کێشەی توێژینەوەکە:**

ناوچەی لێکۆلینەوەیەکێکە لەو ناوچەکان کە رێژەی لەدایک بوون تیایدا بەرەو کەم بوونەوە چووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێژەی تۆمارکراوی لە دایکبون زۆر کەمترە وەک ئەوەی لە راستیدا هەیە،بۆیە ئەمە بۆتە پاڵنەرێک بۆ توێژەران کە بە چاوێکی تایبەت سەیری تێکرای لەدایکبون بکەن و لێکۆڵینەوەی تیادا ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی بکەنە ئامانجێک تا چارەسەرێک بۆ ئەمە کێشەیە بدۆزنەوە.

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

- ئاستی لە دایک بون لەماوەی ساڵانی (٢٠١٠_٢٠٢١) گۆرانکاری زۆری بەسەرهاتوە.
- جیاوازی هەیە لە رێژەی لەدایک بوون لە نێوان هەردوو رەگەز.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

- لەم لێکۆلینەوەیەدا پشتمان بەهەردوو میتۆدی (شیکاری و مێژوویی و هەڵنجان )ەستووە هەروەها بەکارهێنانی نەخشە و بەشێوەکە بە دەستەی سەرەکی شیکاری دادەنرێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی سەرەکی لیکۆڵینەوەکە دەرخستنی فاکتەرەکانی ناهاوسەنگی و جیاوازی لە دایکبوون و ئاستەکانی لەدایکبون هەروەها خستنەوە رووی داتاو زانیاریەکان دەربارەی لە دایکبون، سود گەیاندنە بە تاکەکانی کۆمەڵگاو بەچاو روونی لایەنە پەیوەندیدارەکانە بەبەر چاوخستنی رەوشی لەدایکبون لەناوچەکانی لێکۆڵینەوە، هەر پیلانێک بەمەبەستی پەرەپێدان و کارکردنی بۆ هاوسەنگی لەدایک بوون لەناوچەی لێکۆڵینەوە

## پلانی توێژینەوەکە:

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی لێکۆلینەوەکە ئەوا توێژینەوەکە دابەشکراوە پێشکی و سێ بەش و ئەنجان و راسپاردە، هەر بەشێکیش لە بەشەکان بەسەر چەند باسێک دابەشکراوە:

**(بەشییەکەم)**

ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ ناساندنی ناوچەی لێکۆلینەوە و رەهەندی جوگرافی و رەهەندی دیمۆگرافی و چەمک و زاراوەکانی لەدایک بوون.

**(بەشی دووەم)**

لەم بەشەدا لێکۆڵینەوە بۆ ئاستەکانی لە دایکبون پێکهاتەی رەگەز لەماوەی ساڵانی (٢٠١٠_٢٠٢١) کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەشەکە بۆ دووباس دابەشکراوە، باسی یەکەمیان بریتیە لە ئاستەکانی لە دایکبون لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٠_٢٠٢١)، باسی دووەم بریتیە لە ئاستەکانی لە دایکبوون بە پێ پێکهاتەی رەگەز.

**(بەشی سێیەم)**

هۆکارەکانی کاریگەری لەسەر ئاستەکانی لەدایکبون هەیە ئەم بەشە بۆ دوو باس دابەشکراوە، باسییەکەمیان بریتیە لە فاکتەرە مرۆیەکان وەک (کۆمەڵایەتی،بەرزبوونەوەی پیتی،ئاین،هۆکاری سیاسی،کۆچکردن)دەگرێتەوە، باسی دووەم بریتیە هۆکارە ئابوریەکان وەک (پیشەسازی،گواستنەوە و بازرگانی، سیاسەتی حکومەت)دەگرێتەوە.

## ئاستەنگەکانی لێکۆلینەوە

لە ماوەی ئامادەکردنی لێکۆلینەوەکە دووچاری ئەم ئاستەنگانە بومەتەوە لەوانە :

- نەبوونی ئامارێکی وردو دروست لەسەر تێکرای لە دایکبون لە ناحیەی هیران وەکو پێویست.
- کەمی سەرچاوە بە کوردی لە سەر لە دایکبون.
- تۆمارنەکردنی هەموو ئەو منداڵانەی کەلە دایک دەبن بە هۆی ئەوەی لە ماڵەوە منداڵیان دەبێت و درانگ ناوی منداڵەکانیان داخڵ دەکەن ئەمەش دەبێتە کێشە لە بەردەم بونی ژمارەیەکی ڕێکوپێک لە داتای لە دایکبون.

# بەشی یەکەم

# ناساندی ناوچەی لێکۆڵینەوە

## باسی یەکەم:رەهەندی جوگرافی

## باسی دووەم: رەهەندی دیموگرافی

## باسی سێیەم:چەمک و زازاوەکان

## بەشی یەکەم:ناساندی ناوچەی لێکۆلینەوە

### باسی یەکەم:رەهەندی جوگرافی

#### أ-شوێنی جوگرافی:

ناحیەی هیران، یەکێکە لە ناحیەکانی باشوری کوردستان سەر بە قەزای شەقلاوەیە، دەکەوێتە بەشی باشووری خۆرهەلاتی قەزاکەوە دەکەوێتە بەشی ناوەراستی پارێزگای هەولێر (نەخشەی1-٣)، (٢١)کم لە قەزای شەقڵاوە دوورە، هەروەها لە پارێزگای هەولێر (٦١) کم دورە ، ناوچەی لێکۆڵینەوە بەهۆی بوونی ناوچەیەکی شاخاویی بوونی دوو لوتکە چیای بەرز وای کردووە کەوا شێوەی دۆلێک وەر بگرێت کە لە بەشی باشوری خۆرئاوای لوتکەی چیای سەفینە کە بەرزی لە ئاستی رووی دەریا (١٩٧٥)م دەبێت ، وە لە بەش ییاکوری خۆهەڵاتی بەرزترین لوتکەی لە ئاستی رووی دەریا کە لوتکەی کڵاو قاسمە (١٧٤٤)م بەرزە، ئەم دوو لوتکە چیاییە وایان کردووە کەوا ناحیەی هیران شێوەی دۆلێکی زۆر جوان وەربگرێت وە دەولەمەند بێت بە رووەکی سروشتی بوو ئاوو هەوایەکی گونجاو.

#### ب_شوێنی ئەسترۆنۆمی:

شوێنی ئەسترۆنۆمی گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە ، لە کاتی هەر لێکۆلینەوەیەکی جوگرافی دەبێت لێکۆلینەوەی ورد لە پێگەی ئەسترۆنۆمی ناوچەکە بکرێت،چونکە زانینی پێگەی ئەسترۆنۆمی دیاری کردنی جۆری ئاووهەوا رووک و ئاژەڵ و لە ناوچەکە دیاری دەکات،هەر بۆیە شوێنی ئەسترۆنۆمی گرینگی تایبەتمەندی خۆی هەیە بە تایبەتی بازنەکانی پانی دەبێتە هۆی دیاری کردنی رەگەزەکانی ئاوو هەوا بەم شێوەیە ناوچەی لێکۆلینەوە دەکەوێتە ناوچەیەکی مام ناوەندی ئاوو هەوا ، هەروەها ناحیەی هیران دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (36°13’07 - 36°26‘95)باکور، لەگەڵ هەردووهێلی درێژیی (44°18’30 - 44°35‘00)رۆژهەلات.

#### ج - تۆبۆگرافیای هیران:

سەبارەت بە تۆبۆگرافیای ناحیەی هیران دەکەوێتە ناوچەی شاخاوی کەلەناو دۆلێک هەلکەوتوە کە چەندین دیاردەی جۆراو جۆر و بەرزو نزمی وەک شاخ و گرد و دۆل بەدیار کەوتوون بەهۆی جولەی تەکتۆنیەکانی سەرڕووی زەوی بەدیار کەوتوون کە لە بەشی ڕۆژئاوای زنجیرە چیای سەفین کە بەرزیەکەی(١٩٧٥م) دەبێت لەڕووی دەریاوە (محمدامین،٢٠١٤،ل٥٦)،(نەخشەی٢) لەڕۆژهەلاتی زینجیرە چیایی هەورێ کەبەرزترین لوتکەی کلاو قاسمە کە بەرزیەکەی (١٧٤٤م) وە چەندین گرد و تەپۆلکەیەک دەورە دراوە وەک سۆرکی فریزو سۆرکی نازەنین زیاتر وەک بان بەدیار دەکەون، لەگەل بوونی چەندین بەرزی و نزمیەکی تر وەک شەخسیان گرد ەموشك گرد باپیرو گەلکەند و بەردی گەورە کە ئەمجۆرا و جۆریە بەرزی و نزمیە وای لە ناوچەکە کردووە بەشێوەی ناوچەی شاخاوی دەربکەوێت (هیران[HTTPS://AR.M.WIKIPEDIA.ORG/WIKI/](HTTPS://AR.M.WIKIPEDIA.ORG/WIKI/)).

## نەخشەی ژمارە (1)

## ناوچەی لێکۆلینەوە بە گوێرەی قەزای شەقلاوە پارێزگای هەولێر




سەرچاوە/ سلیم ،فەرامۆش کاکە لاو،هەلبەزودابەزی ئاووهەوا و کاریگەری لەسەر پشووی فیسیۆلۆجی مرۆڤ لە پارێزگای هەولێر،ماستەر،زانکۆی کۆیە، 2020، ل ٨.

نەخشەی (2)

بەرز و نزمی ناوچەی لێکۆلینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە بەرنامەی (ARCGIS 10.8)، DEM30m.

### د- شوێنی کارگێری:

ناوچەی لێکۆلینەوە لە رووی سنوری کارگێریەوە هاو سنورە لەگەڵ حەوت ناحییە کە سەر بە قەزاکانی (شەقڵاوە و کۆیە)،ناحیەی سکتان و سەنتەری قەزای کۆیە کە سەر بە قەزای کۆیەن دەکەوێتە بەشی باشوری،هەروەها ناحیەی بالیسان سەر بە قەزای شەقڵاوەیە دەکەوێتە بەشی باکوری خۆهەڵات،هەروەها ناحیەی باسرمە کە سەر بەقەزای شەقڵاوەیە دەکەوێتە بەشی باکوری،سەنتەری قەزای شەقڵاوە دەکەوێتە بەشی باکوری خۆرئاوا،وە ناحیەی سەلاحەدین سەر بە قەزای شەقڵاوەیە دەکەوێتە بەشی خۆرئاوای،هەروەها ناحیەی شۆڕش(دێگەڵە) کەسەر بە قەزای کۆیە دەکەوێتە بەشی باشوری رۆژئاوا.دانیشتوانی ناحیەی هیران لە ساڵی(٢٠٢١)(١٦١٣٥)کە دەکاتە (%٥،٨)کۆی دانیشتوانی قەزای شەقڵاوەیە.

نەخشەی (٣)

شوێنی ناوچەی لێکۆلینەوە بە پێی یەکە کارگێرییەکانی دەووروبەری




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بەرنامەی(arcgis 10.8).

**ر- سەرچاوە ئاوییەکان:**

ئەم سەرچاوانەش لەوانە پێکدێن(باران و بەفر و ئاوی سەر زەوی و ڕووبار و دەریاچە) ئاوی ژێرزەوی سەبارەت بە ئاوی سەر زەوی لەناوچەی لێکۆلینەوە خۆی دەبینێتەوە لەڕوباری هیران کەڕوبارێکی وەرزیە سالانە لەوەرزی هاوین وشک دەکات بەلام سەبارەت بە ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەیلێکۆلینەوە دەولەمەندە ئەمەش بۆتە هۆی دەرکەوتنی چەندین کانی و سەرچاوە گرینگترینیان سەرچاوەی مزگەوتی هیرانە کە سەرچاوەیەکی هەمیشەیی و سودی لێوەردەگیرێت بە مەبەستی گەشتیاری و ئاودانی باغ و باغاتەکان سودی لێوەردەگیرێ ، سەرەڕای بوونی چەندین کانی وەکو گەرماناوەو احمد شینەو کانی بێلینەگە چەندین کانیدی کە بەهۆی وشکە سالی لەم سالانەی دووایی دا هەندێکیان وشک بوون بۆ ئەم مەبەستەش حکومەت و خەلکەکە هەستاون بە لێدانی بیری ئیرتوازی و بیری سوری بە مەبەستی سود وەرگرتن لە ئاوی ژێر زەوی بۆناوچەکە بۆ ئاو خواردنەوە و ئاودانی ڕەزو باغەکانیان(حسین،٢٠٢٢/٩/٢٣).

**ح- گەشت و گوزار:**

بەهۆی هەلکەوتنی شوێنی جوگرافی لە ناحیەی هیران وای کردووە بەیەکێک لە هاوینە هەوارەگانی پارێزگای هەولێر بناسرێت ئەمەش بەهۆی فەراهەمبوونی بنەما سروشتی و مرۆیەکانی و گەشت و گوزار وەک(بەرزی و نزمی و ئاو هەواو و دەرامەتی ئاوی و بوونی چێشتخانەو میونخانەو شوێنەواری مێژوویی و ئاینی وەک مەرقەدی شێخ محمدی بەرگەری و گۆرستانی گەورەی هیران کە مەزاری شێخەکانی هیرانی لێیە)· (باوەجان،٢٠٠٩،ل١٧٢)ئەمە جگە لە دەرامەتی خۆمالی لە ناوچەکە، کە خواردن و خواردنەوەی ناوچەکە بە باشترین شێوازی کولتوری و ڕاستەقینەی ئەوناوچە دەزاندرێت گەشتیارزۆر جار حەز بە خواردنی بەروبوومی ناوچەکە دەکات بۆ چێش وەلگرتن لە گەشتەکەی چونکە ئەم خواردن و خواردنەوانە بەشێکن لە گەشتەکە سەرەڕای ئەوە کە سەرچاوەی داهاتن بۆ ناوچەکە بەرهەمەکانی ناوجەکەش وەک(هەنار و سرکە و سێ و ترێ و نانەقەیسی و جۆرەکانی مرەبا و باسوق و گوێز ).

**هـ- ئاو هەوای ناوچەی لێکۆلینەوە:**

ئاو هەوای ناوچەی لێکۆلینەوە وەک ناوچەکانی دیکەی کوردستان لەڕووی سیستەمی باران بارینەوە لەجۆری ئاو هەوای دەریای ناوەڕاستە کە هاوینی گەرم و فێنکە زستانی سارد و باراناویە هەرسێ شێوەی دابارین وەک(باران،بەفر،تەرزە)بەدی دەکرێت لە ناوچەکەدا . ئەمەش کاریگەری هەیەلەسەر بڕی ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەکە هەروەها بڕی بەرهەمی کشتوکال لەناوچەکەدا .

بەلام باران بارین زۆرترین ڕێژەی بارانبارین پێکدێنێت کە بری سالانەی باران بارین دەگاتە(٣٥٠-٦٠٠)ملم وەبگرە بەرەو سەریش ، لەڕوی باران بارینەوە لەوەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر لە سالێکەوە بۆ سالێکی تر جیاوازی هەیە لەناوچەکە.

وەسەبارەت بە پلەی گەرمی لەناوچەکە لەوەرزی هاویندا پلەی گەرمی بەرزدەبێتەوە بەتایبەتی لە هەردوو مانگی تەمووز و ئابدا وەنزمترین پلەی گەرمی دەبێت (٢٥) پلەی سەدی ، وەبەرزترین پلەی گەرمیشی دەگاتە (٤٣) پلەی سەدی بەلام ساردترین مانگەکانی کە هەردوو مانگی کانونی دووەم و شوباتە لەناوچەکە کە بەرزترین پلەی گەرمی لە مانگی کانونی دووەم (١٥،٧)پلەی سەدی ،نزمترین پلەشی دەگاتە (٤-)پلەی سەدی (بەرێوبەرایەتی گشتی کشتوکال و ئاودێری هەولێر، بەشی کەشناسی وێستگەی شەقلاوە، داتای بلاونەکراوە٢٠٢١).

سەبارەت بە ئاراستەی با بەشێوەکی گشتی لە باکوری ڕۆژهەلاتەوە بەرەو باکوری خۆرئاوایە . ئەو هۆکارەی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی ناوچەکانی باکور و ڕۆژ هەلاتی ناحیەکان ناوچەی شاخاوی و بەرزە کە زنجیرە چیایی هەنجیرە دوواین زنجیرە شاخەکانە ئەو تەوژمە هەوایانە لە ناچە بەرزەکانەوە کە پەستان تێیدا بەرز هەلدەکاتڕوەو ناوچەی ناوچەی پەستان نزم ، لەبەر ئەوەی شوێنی ناحیە کە کۆتایی بەرزیەکان دێت دەبێتە هۆی هەلکردنی ڕەشەبایەکی بەهێز چونکە دەکەوێتە ژێر کاری گەری تەوژمە هەوایەکانەوە.(هیرانی،٢٢/٩/٢٠٢٢).

**باسی دووەم: ڕەهەندی دیموگرافی**

لەم باسەدا هەولدەدەین باس لە هەموو ئەو گۆرانکاریانە بکەین کە بەسەر قەبارەی دانیشتواندا هاتوە ، ئەمەش بە پشت بەستن بە ئەنجامە گشتیەکانی سەر ژمێری . ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ناوچەی لێکۆلینەوە گۆرانکاری بەرچاوی بەسەرداهاتوە بەهەلبەزی و دابەزی بە سەیرکردن خشتەی ژمارە(١) بەجۆرێک لە سالی (١٩٥٧) ژمارەی دانیشتوانی ناحیە(٩٣٩٥)کەس بووە، ژمارەی دانیشتوان لەسالی(٢٠٠٩)دابەزیوە بۆ(٤٦٨٥)کەس .

دیارە ئەم گۆرانکاریانە لە ئەنجامی کۆمەلێک هۆکارەوە بووە کەهەول دەدەین سەرەکی ترینیان بخەینەڕوو گرینگترینیان بۆ شوێنە جوگرافیەکەی دەگەرێتەوە کە لەگەل هەلگیرساندنی شۆرەشی ئەیلول لە سالی (١٩٦١)( (حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی، دەزگای بالای ئەیلول، بەشی کارگێری، راپۆرتێك دەربارەی شۆرشی ئەیلول سالی(١٩٦١) چاپکراوە بلاونەکراوەتەوە.)لەناوچەکەو دەورووبەری ناسەقامگیری لە ناوچەکە درووست بووە ڕەوشتی سیاسی تێک چوە ، لە ئەنجامی ئەوتێکچونەش ژمارەیەک لە خەلکەکانی ناوچەکە ڕاگوێزراون بۆ(هەولێر و شەقلاوەو باسرمە و کەورگۆسك )دووای لەسالی (١٩٧٤)بەهۆی هەلگیرسانەوەی شۆرەشی نێوان کورد و عێراقەوە بووە بەهۆی گۆرینی شیرازەی دانیشتوان کە بوە هۆی کەمبونەوەی دانیشتوان وەلەسالی (١٩٨٧)بەهۆی بڕیارێک پلەی کارگێری لێ سەندراوەتەوە ، لەسالی (١٩٩٢)جارێکی تر پلەی کارگێری تێکدراوەتەوە ، کەچی لەسالانی (١٩٩٤-١٩٩٨)جارێکی تر کە بەکاریگەری شەری ناوەخۆ شێست خێزان ئاوارەی شارەکانی کۆیە و ڕانیەو ژمارە یە کیشان ڕوویان لە هەولێر کرد .بێگومان دۆخێکی لەم جۆرە کاریگەرینەرێنی هەبوو لەسەر ژمارەی دانیشتوان دوواجار کەمکردنەوەی ڕێژەی گەشەکردنیان. ژمارەی گوندەکانی ناحیەی هیران گۆرانی بەسەر داهاتوە لەسالی(١٩٥٧) بریتی بووە لە (٤٣) گوند بەلام لەسالی (٢٠٠٩) کەمی کردووەبۆ (١٩) گوند بەهۆی دروست بوونی دووناحیە کە ناحیەی بالیسان لەبەشی خۆرهەلات و ناحیەی (سکتان) دیارە کەبۆتە هۆی کەمکردنەوەی ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوان لە ناحیەکە لەسالانی (١٩٩٨-٢٠٠٩) لەئەنجامی کار و پرۆژەی حکومەتی هەرێم (١٠٠)خانی پێشکەشی بە دانیشتوانی دانیشتوانی سەنتەری ناحیە کراوە سەرەرای دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریەکان.(سعید،٢٠١٢،ل٦٣).

بەڵام سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوان لە ساڵانی دواتر لە بەرزبووتەوە ژمارەی دانیشتوان لە سالی٢٠١٥(١٣١٤٢)کەس بوە کە رێژەی ناحیە لە کۆی قەزا بۆ(٥,٨) بەرزبۆتەوە هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ گەرانەوەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان بۆ زێدی خۆیان کە پێشتر کۆچیان کردبوو وەهەروەها باشبوونی باری ئابووری بەرزبوونەوەی رێژەی زەواج ،هەروەها ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی٢٠٢١(١٦١٣٥)کەس بوە کە رێژەی ناحیە لە کۆی قەزا بۆ(٥,٨) کە رێژەکەی هەروەک و سالێ

(٢٠٢١) هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی خزمەتگوزاری زۆر لە ناوچەكە وەک (ڕێگاوبانی گواستنەوە و تۆڕەكانی ئاو و كارەبا و تەندروستی و فێركردن و ......هتد) ئەمانە هۆكار بوونە بۆ ئەوەی دانیشتوان لە ناوچەی لێكۆلینەوە جێگیر بن و كۆچ نەكەن بۆ شارەكان ،هەروەها هاتنەوەی ڕێژەیەكی زۆری دانیشتوان كە پێشتر كۆچیان كردبوو بەهۆی كەمی خزمەتگوزاریەوە.

خشتەی (1)

ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی هیران و قەزای شەقڵاوە لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٥٧-٢٠٢١)

| ڕێژەی ناحیە لە كۆی قەزا | ژمارەی دانیشتوانی قەزا | ژمارەی دانیشتوان ناحیە | ساڵ |
|---|---|---|---|
| ٤,٢١ | ٤٣٩٣٦ | ٩٣٩٥ | ١٩٥٧ |
| ٤,٢٤ | ٤٨٣٩٣ | ١١٨٢٣ | ١٩٦٥ |
| ٩,١٦ | ٥٥٤٢٨ | ٩٣٦٥ | ١٩٧٧ |
| -----*-- | ٦٥٣١٦ | ......* | ١٩٨٧ |
| ٧,٣ | ١٢٥١٨٨ | ٤٦٨٥ | ٢٠٠٩ |
| ٥,٨ | ١٥٤٢٤٦ | ١٣١٤٢ | ٢٠١٥ |
| ٥,٨ | ١٨٩٨٦٣ | ١٦١٣٥ | ٢٠٢١ |

(*)- لەو ساڵەدا پلەی كارگێری لێسەندراوەتەوە سەرژمێرینەكراوە و خراوەتە سەر شەقڵاوە لە ساڵی ١٩٨٧.

١ -فەرمانگەی كارتی نیشیمانی هیران ٢٠٢١/٩/٢١

٢ - توفیق، بیشرو صمد، التغیرات السكانیة في معافضە اربیل منذ منتصف القرن العشرین،دراسة في جغرافیة السكان رسالة الدكتوراه، مقدمة الي كلیة اداب ، جامعة السكندریة،٢٠١٥،ص٣٧٥_٣٧٧.

شێوەی (١)

شێوەییەك ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی هیران وقەزای شەقڵاوە(١٩٥٧-٢٠٢١)



دەردەکەوێ لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-١٩٦٥) ڕێژەی گەشەی ساڵانە لە ناحیەی هیران(٩,٢) لە قەزای شەقڵاوە (1,2%) بووە کەچی لە ماوەی ساڵانی (1965_1977)ی هەریەک لە ناحیە و قەزا بە ئاراستەی کەمبوون چووە کە ڕێژەی(1,9%) لە ناحیەوە هەروەها(1,1%) لە قەزاوە لە سالی (1977_1987) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ناحیە(*) بووە چونکە لەو سالەدا پلەی کارگێری لێسەندراوەتەوە سەرژمێری نەکراوە و خراوەتە سەر قەزای شەقلاوە، بەڵام ڕێژەی گەشەی ساڵانەی قەزا(1,6%) بووە، وە لە ساڵی (1987_2009) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ناحیە(*) بووە بەڵام ڕێژەی گەشەی ساڵانەی قەزا(2,9%) بووە، وە لە ساڵی (2009_2015) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ناحیە(17,1%)بووە بەڵام ڕێژەی گەشەی ساڵانەی قەزا(3,5%)بووە، وە لە ساڵی (2015_2021) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ناحیەی هیران(3,4%) بووە بەڵام ڕێژەی گەشەی ساڵانەی قەزا بووە. ئەم جیاوازیی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ناحیەی هیران بە بەروارد لەگەڵ ڕێژەی گەشەی قەزا بۆ نائاسایی باردۆخی دەگەڕێتەوە لە ماوەیی ئەو ساڵانەدا بە تایبەتی فاکتەری (مرۆیەکان و ئابوریەکان) کە کاریگەری لەسەر ڕێژەی لە دایک بوون و گەشەکردنی دانیشتوان هەیە. لە ماوەی ساڵانی(2015_2021)دا جۆرە هاوسەنگیەک لە نێوان ڕێژەی گەشەکردنی ساڵانەی لە ناحیەی هیران و قەزای شەقڵاوە بەدی دەکرێت ، کە هەریەکەیان یەک بەدوابیەک گەیشتە(3,4%) و (3,5%) وە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە هەریەیاندا.

خشتەی (2)

ڕێژەی گەشەی سالانەی دانیشتوان لە ناحیە هیران و قەزای شەقڵاوە لەماوەی ساڵانی ١٩٥٧-٢٠٢١

| سال | ڕێژەی گەشەی سالانە لە ناحیە% | ڕێژەی گەشەی سالانە لە قەزا% |
|---|---|---|
| ١٩٥٧-١٩٦٥ | ٩,٢ | ٢,١ |
| ١٩٦٥-١٩٧٧ | ٩,١ | ١,١ |
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | -*--- | ٦,١ |
| ١٩٨٧-٢٠٠٩ | *---- | ٩,٢ |
| ٢٠٠٩-٢٠١٥ | ١,١٧ | ٥,٣ |
| ٢٠١٥-٢٠٢١ | ٤,٣ | ٥,٣ |

سەرچاوە/پشت بەستن بە نەخشەی (١)

*چونکە لەو سالەدا ناحیەی هیران پلەی کارگێری لێسەندراوەتەوە سەرژمێرینەکراوە و خراوەتە سەرقەزای شەقلاوە لە سالی ١٩٨٧.

شێوەی (2)

ڕێژەی گەشەی سالانەی دانیشتوان لە ناحیەی هیران و قەزای شەقلاوە لە ماوەی (1957-2021)




سەرچاوە/پشت بەستن بە نەخشەی (2)

$$R = T\sqrt{\frac{p1}{p0} - 1 \times 100}$$

هێماکان گوزارشت لەم واتایانەی خوارەوە دەکەن:

R= ڕێژەی گەشەی

T= ژمارەی سالانی نێوان دوو سەرژمێری.

P1= ژمارەی دانیشتوان لە دواین سەرژمێری.

P0= ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری یەکەم.

ناوچەی لێکۆلینەوەش لەمانەش بێبەش نەبوو، کە بوە هۆی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناحیەی هیران بۆ ناوچەکانی تر. لەبەر ڕۆشنایی ئەم بەشەی لێکۆلینەوە دا دەکرێت بڵێن ناحیەی هیران شوێنێکی جوگرافی گرنگی هەیە لە نێوان سنوری هەرێمی کوردستاندا هەیە ، بەوەی کەوا هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش وای کردووە بایەخێکی هەبێت لە بواری بازرگانیەوە. لەرووی کارگێریشەوە ڕووبەرێکی فراوانی هەیە . ئاوهەواکەشی لە جۆری ئاوهەوای دەریای ناوەراستە و سەرەرای بونی گەڵێ سەرچاوەی ئاوی ناحیەکەدا . ئەمانەش هەمووی

هۆکار بوون بۆ نیشتە جێبوون لە ناوچەکەدا. هەروەها ناحیەی هیران لە رووی مێژووییەوە خاوەن مێژوویکی دێرینە. ئەم ناحیەیە لەرووی رێژەی و گەشە و قەبارەی دانیشتوانەوە گۆرانێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، لە ئەنجامی هەردوو جولەی سروشتی و شوێنجیەوە بووە.

## باسی سێیەم :چەمک و زاراوەکان

پیداری بریتیە لەو فاکتەرەی کە بەهۆیەوە دانیشتوان زیاد دەکات و گەشە دەکات(وانەکانی،شوانی،٢٠٢٠-٢٠٢١).

**پیداری- (خصوبە)**

بریتیە لە توانای دانیشتوان بەتایبەتی ژنان بۆ وەچە خستنەوەی وەچە  وە دوو جۆر هەیە ١_پیداری مت ٢_پیداری کردەکی

**لە چوار چێوەی لە دایک بووندا چەمکی پیتداری هەریەکە پێوویستە ئاماژەی پێبکەین دوو جۆر پیتداری هەیە:**

**یەکەم:لەدایکبوونی کردەکی،** بە یەکێک لەو رەگەزە گرنگانە دادەنرێت کە کاریگەری بەرچاوی لەسەر گەشەی دانیشتواندا هەیە، ئەوەی جێگای ئاماژەیە  چەندین هۆکاری  جیاواز کاردەکەنە سەر ئەم رەگەزە لەوانە ئاستی رۆشنبیری و هۆکاری ئاینی و کۆمەلایەتی و ئابووری وێرای رامیاری گشتی دەوڵەت، ئەمەش پاڵی بەو دەوڵەتانەوە ناوە کە بایەخی زۆر  بەم بابەتە پێشەوە بردن دادەرێژرێت،  کە ئەمەش کاریگەری لەسەر لایەنە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان دەبێت. (الحدیثي،ساڵی١٩٨٨،ط١٧٣)بۆ زانین و هەلسەنگاندنی رۆڵ و بابەتی لە دایک بوون لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان  دا پشتی دەبەستین بە بەکارهێنانی هاوکێشەی رێژەی گشتی لەدایک بوون(محمد،١٩٩٧،ل١٠٦)  ژمارەی دانیشتووان لە سالێکی دیاریکراوو:

پێی ئەوەی باسمان کرد دەگۆرێ بە گۆرانی تەمەن یان جۆر مێینەکان تەمەنی دیاریکراو یان هەر یەکە لەو ماوەیەدا دەتوانن دووگیان بن هەروەها توانای نێرینەکان بۆ پیت بوون تەمەنی دیاریکراوی خۆی هەیە وە زۆربەی ئاماژەیان  کردووە زۆربەی توێژینەوەکان بۆ توانای ئافرەت بۆ دوو گیانی درێژ دەبێتەوە لە ماوەی زیاتر  لە ئافرەتەکان  کە دەست پێدەکات لە تەمەنی ١٣ ساڵی تەواو دەبێت، بەڵام دەربارەی ئافرەتی کورد ئاماری تەواومان لە بەردەست نییە بۆ دیارخست و روونکردنەوەی پیتداری مت (السعدی،٢٠١٤،ص١٤٥).

هۆکارەکانی تەندروستی گشتی وە خۆراک و کاریگەری دەروونی کاریگەریان هەیە لەسەر بە پیت بوون و کەمی خۆراک بە تایبەتی کەمی ڤیتامینیان لە خۆراک دەبێتە هۆی کەمی ئاستی بە پیت بوون یان دەبێتە هۆی دواکەوتنی سوری مانگانەی لە لای کچان هەروەها دوو دڵی و دڵە راوکێی هەر چەندە بوویتە شتێکی گشتی بووەتە شتێکی باو لە ئێستادا پەیوەندێ هەیە بە نەتوانینی تاکەکان بۆ وەچە خستنەوە ، وا باوە بە پیت بوون بە ئافرەتەوە دەبەستێتەوە نەک پیاو بەهۆی دوو هۆکارەوە:

١.ئافرەت هەڵگرە منداڵەکە هەڵدەگرێ.

٢.ماوەی وەچە خستنەوە لای ئافرەت دیاری کراوە تەمەنی هەرزەکاری لە لایەک وە تەمەنی بێ ئومێدی لە لایەکی تر.

ئەم دوو هۆکارەش خۆیان لە خۆیان دیاری کراون بۆ پیت بوون کە ئەمەش بەدەست ناکەوێ لای پیاوان بۆ بە پیت بوونی کرداری گرانترە لە پیت بوونی مت، چونکە تەنها پەیوەندی بەلایەکانی ژیانەوە نییە بەڵک و پەیوەندی بە لایەنی(کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەی و تەندروستی و سیاسی و دەروونی و هتد...) کاریگەری هەیە لە دیاری کردنی ئاستەکانی وە جیاوازی رێژەکانی وە دیاری کردنی ئەم هۆکارانە لە کۆمەڵگایەک لە شوێنیک لە کۆمەڵێک دانیشتوان بۆ دانیشتوانێک لە ناو یەک کۆمەڵگادا کاردەگاتە سەر دەرکەوتنی ئەم رێژانە و ئاستانە لە ناوەندی هۆکارە فیسۆلۆجیەکان( الخفاف،١٩٨٦.ص١٤٥).

**پێوەرەکانی پێداری**

**أ-رێژەی لە دایکبوونی گشتی:**

هۆیەکی سروشتی گەشەی دانیشتوانە .لە دایک بوون بریتیە لەو وەچانەی کە دانیشتوان لە ماوەیەکی دیاریکراو دەیخەوە ، وێرای ئەوەی لە دایکبوون دەرکەوتەیەکی بایۆلۆژیە بەڵام ناشکرێت لەو هەلو مەرجە کۆمەڵایەتی و ئابووریانەدا ببرێت کە دانیشتوان تیایدا دەژین.( الخفاف،١٩٨٦،ص٩٢).

لەدایکبوون لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵی دانیشتوانی ناو وڵاتێک و شارێکدا جیاوازە بە هۆی کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەی جیاواز دروست دەبێت لەسەر جولەو پێکهاتەی دانیشتوان وە مانەی لەدایک بوون زاراوەیەکە بەکار دەهێندرێ بۆ دەربرینی دیاردەی منداڵ بوون دەردەبڕێت بە ژمارەی لە دایک بوونی زیندوو. بەڵام پیتی لە دایک بوون بریتیە لە ژمارەی ئەو منداڵانەی کە لە دایک ئەبن لە ماوەی دیاریکراو کە زۆربەی کات دیاری دەکرێت بە ساڵ (طالب،٢٠٠،ل٢٨).

$$\text{ڕێژەی لە دایکبوون گشتی} = \frac{\text{ژمارەی لە دایکبوون لە شوێنێکی دیاری کراو}}{\text{ژمارەی دانیشتوان(ناوەڕاستی ساڵ)}} \times ١٠٠٠$$

**ب- ڕێژەی پیتداری گشتی:**

ئەو ڕێژەیە وەکو پێوەرێک بۆ پیداری لە هەردوو ڕێژەی لە دایک بوونی گشتی و ڕێژەی منالان - ژنان باشترە.

ڕێژەی پیداری گشتی بریتیە لە ژمارەی لە دایک بوون بۆ کۆی ژنان منالبوون (١٥-٤٥) دەکرێ بەم شێوەیە هەژمار بکرێ ڕێژەی پیداری گشتی.

$$\text{ڕێژەی پیداری گشتی} = \frac{\text{ژمارەی لە دایکبوون لە ساڵێکی دیاری کراو}}{\text{ژمارەی ژنان لە دەستەی تەمەن ١٥ – ساڵناوەڕاستی٤٥}} \times ١٠٠٠$$

ئەم ڕێژەیە بە ژمارەی لەدایک بوونی زیندو بۆ هەر (١٠٠٠) ژنێک لە تەمەنی منال بووندا دەدات بە دەستەوە.(سمعە،٢٠٠٩،ل١٢٤-١٣٢).

**ج- ڕێژەی لە دایک بوونی تایبەت بەتەمەن:**

زۆر توێژینەوە کراوە لەسەر ئەو تەمەنەی کە لە توانای ئافرەتدا هەیە بۆ وەچە خستنەوە یان دوو گیانی کە ئەویش دەکەوێتە نێوان تەمەنی هەرزەکاری و تەمەنی بێ ئۆمێدی وە ئەوەش دۆزراوەتەوە کە تەمەنی ناوەند ئەو ماوەیە دەگرێتەوە نێوان تەمەنی ١٥-٤٧ ساڵی کە ئەمەش لە هەندێ کۆمەڵگادا نزم ترە بێت کە کەمترین تەمەن تیایدا ١٣ ساڵ یان کەمتریش وە لە کتێبی (الامم المتعدة الديمو جرافي السوي) سەرەتا ئەو ماوەیە هەژمار دەکات کە ئافرەت دەتوانێت دووگیان بێ بە ١٠ساڵ دوای لە دایک بوونی وە ئەم ڕێژەیە کەمترینی کۆمەڵگا دا بەرز دەبێتەوە بۆ تەمەنی ١٧ ساڵی.(اسماعیل،١٩٩٧،ل٧١).

**د-ڕێژەی منالان –ژنان:**

چەمکی مناڵان - ژنان پێوەرەکانی پیداری و بۆ خەملاندنی پیداری بەکاردێ بە تایبەت لەو هەلو مەرجانەی کە تیایدا تۆمارەکانی لەدایک بوون ناتەواوە یا هەر بوونیان نیە ،ئەم شتەش لە زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەشتوو بەرچاو دەکەوێ، بۆیە بە نارستەو خۆ دادەنرێ،

بەم شێوەیە هەژمار دەکرێ:

ئەم دەستەیە ژنانە دەستەیەکی بەرهەمهێنن و بڕی کاتێک دەستەکە تا ٤٩ ساڵی درێژ دەبێتەوە . ئەو ڕێژەیە ئاماژەیە بە ژمارەی مناڵانی ژێر تەمەنی پێنج ساڵی بۆ هەر هەزار ژنێک لە تەمەنی مناڵبووندا(وهیبە،٢٠١١،ل١١٥).

## بەشی دووەم

## ئاستەکانی لە دایکبوون و پێکهاتەی رەگەز لەماوەی سالاّنی(٢٠١٠-٢٠٢١)

### باسی یەکەم

### ئاستەکانی لە دایکبوون  لەماوە سالاّنی(٢٠١٠-٢٠٢١)

### باسی دووەم

### ئاستەکانی لە دایکبوون بە پێ پێکهاتەی رەگەز لەماوەی سالاّنی(٢٠١٠-٢٠٢١)

## بەشی دووەم: ئاستەکانی لە دایک بوون و پێکهاتەی رەگەز لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٠-٢٠٢١):

که لەم بەشەدا باسی ئاستەکانی لە دایک بوون و پێکهاتەی رەگەز دەکەین لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٠-٢٠٢١)لە دوو باس دا بەم شێوەیە خوارەوە:

### باسییەکەم: ئاستەکانی لە دایکبووان لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٠-٢٠٢١)

### لەدیکبوون:

له دایک بوون هۆیەکی سروشتی گەشەی دانیشتوانە ، لەدایک بوون بریتیە لەو وەچانەی کە دانیشتوان لە ماوەیەکی دیاری کراو دەیخەنەوە، وێرای ئەوەی لە دایک بوون دەرکەوتەیەکی بایلۆجییە بەڵام ناشکرێت لەو هەلومەرجە کۆمەلایەتی و ئابوریانە دابپرێت کە دانیشتوان تیایدا دەژین. (شوانی ،٢٠٠٧،ل ٢٦)وە رێژەی لە دایکبون دەگۆرێت بەپێی رێژەی ئافرەتە بە مێردەکان و هەروەها بەپێ ژمارەی ئەو ئافرەتانەش کەلە تەمەنی پیتدان، بەڵام ئەمە بە تەواوەتی بەسەر پیداری ؟

چونکە ئەمە پەیوەستە بە ئارەزووی ژن و مێردەکە بۆ وەچە خستنەوەیان رێگرتن لێی ،لە ئەنجامی ئەمەشدا رێکخستنی قەبارەی خێزانیان منداڵەکان بۆ هەر بۆ هەر دایکێک دێتەوە ئاراوە (وهیبە،٢٠١١،ل١١٦).وەک لە خشتەی ژمارە (٣)دا دەردەکەوێت.

خشتەی (٣)

رێژەی لە دایکبوان لە ناحیەی هیران لە ساڵانی(٢٠١٠-٢٠٢١) لە هەزاردا

| ساڵ | ژمارەی لە دایک بوون |
|---|---|
| ٢٠١٠ | ٩,٣٨ |
| ٢٠١١ | ٤,٣١ |
| ٢٠١٢ | ٢,٢٧ |
| ٢٠١٣ | ٢٥ |
| ٢٠١٤ | ٤,٢٤ |
| ٢٠١٥ | ٦,٢٤ |
| ٢٠١٦ | ٢٦ |
| ٢٠١٧ | ٣,٢٨ |
| ٢٠١٨ | ٧,٣٠ |
| ٢٠١٩ | ٦,٣١ |
| ٢٠٢٠ | ٨,٣٢ |
| ٢٠٢١ | ٥,٤٠ |

سەرچاوە/هەرێمی کوردستان،وەزارەتی تەندروستی بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی شەقلاوە،تۆماری لە دایکبوون و مردن لە ساڵی (٢٠١٠-٢٠٢١).

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆلینەوە لە خشتەی ژمارە(٣)دا دەردەکەوێت ، رێژەی لە دایکبون لە نێوان ساڵانی (٢٠١٠_٢٠١٢) لە نێوان(٩,٣٨_٢,٢٧) لەهەزارە کە رێژەی لەدایک بووان بەرەو زیاد بوون رۆیشت ئەوەش بەهۆی باش بوونی باری ئابوری دانیشتوان و ئاستی هۆشیاری خەڵک بۆ خستنەوەی وەچە وە سەقامگیری ناوچەکە لە رووی رامیارییەوە، دانیشتوانی ئەم ناوچەش وەکو زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان حەز بە منداڵ زۆری دەکەن زۆر کەم وایە رێگا لە منداڵ بوون بگرن بەهەمان شێوە لە ماوەی نێوان ساڵانی(٢٠١٣_٢٠١٥) ئەم رێژەیە بەرەو کەمبونەوە رۆیشت بە رێژەی (٢٥_٦,٢٤) لەهەزاردا بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری دانیشتوانی هەرێم بەگشتی و دانیشتوانی ناوچەکە بە تایبەتی بەهۆی سەرقاڵبونیان بەکارو بارەوە ناتوان منداڵ پەروەردە بکەن هەروەها بەهۆی بەرزبوونەوەی پێداویستی منداڵ. هەروەها لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٦_٢٠١٨) ژمارەی لە دایکبوان بەرەو زیاد بوون رۆیشت کە گەیشتە (٢٦_٧,٣٠)لەهەزاردا بەهۆی ئەوەی لەو ماوەیەدا باری ئابوری هاوڵاتیان بە شێوەیەکی بەرچاو بۆوە داهاتی تاک زیادی کرد. هەروەها لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٩_٢٠٢١) رێژەی لە دایک بووان وردە وردە بەرەو زیاد بوون رۆیشت کە گەیشتە(٦,٣١_٥,٤٠) لەهەزاردا ئەمەش لەبەر ئەوەی داهاتی تاک زیادی کرد. هەروەها هۆکارەکی تر کە خۆی لە زۆری ژمارەی منداڵ بەتایبەتی رەگەزی(نێر) دەبینێتەوە ئەمە هۆکاری ترە کەپاڵ بە خەڵکیەوە دەنێت زۆر تر منداڵ بنێتەوە.

شێوەی (٣)

رێژەی لە دایکبوان لە ساڵی ٢٠١٠-٢٠٢١تیادا تۆمارکراوە




سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەستن بە خشتەی ژمارە(3)

له ئاکامی کەم بوونی داتاو زانیاری لەسەر ئاستی شارو گوند بۆیە لێرەدا تەنها تیشک دەخینە سەر ڕێژەی گشتی لە دایک بوون لەسەر ئاستی ناحیەی هیران بەو جۆرەی لە تۆمارەکانی بەڕێوبەرایەتی فەرمانگەی کارتی نیشتیمان هیران کۆمەڵەی ئاماری ساڵانی یاداشت کراوە ئەو سەرچاوانەش بە دوور نین لە کەمووکوری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- زۆربەی حالەتەکانی لەدایک بوون لە دەرەوەی نەخۆشخانە ڕوودەدەن ، بە تایبەتی لە لادێکاندا ، کە دەبێتە هۆی تۆمارنەکردنی لە دایک بوون لە کات و ساتی خۆی دا، تەنها لە کاتی پیویستدا تۆماری دەکەن .

٢- مردنی منداڵ لەسەرەتای تەمەندا دەبێتە مایەی تۆمارنەکردنیان .

٣- نەبوونی یاسایەک کە هاوڵاتیان ناچار بە تۆمارکردنی لە دایک بووەکانیان بکات.(شوانی ،٢٠٠٧،ل٢٧).

## باسی دووەم:ئاستەکانی لە دایک بوون بەپێی پێکهاتەی ڕەگەز لە ماوەی (٢٠١٠-٢٠٢١):

پێکهاتەی ڕەگەز (نێرو مێ) لە نێو دانیشتوانی باشووری کوردستانی ،ڕێژەی نێرەینە لە ڕێژەیی مێینە زیاترە، ئەم دیارەدەیە دیموگرافیە لە گشت سەر ژمێریەکاندا بە ڕوونی دیارە، هەروەها ڕێژەیی هەردووکیان لە سالێکە وە بۆ سالێکی تر دەگۆڕێ ،لە کەمکردن و زیاد بووندایە،هۆی کەمی ژمارەی مێینە لە چاو نێرینە دا ، لە نێو دانیشتوانی باشوری کوردستان دا، بۆ ڕێژەی زیاتر مردن لە نێو ژناندا دەگەڕێتەوە.(غەفور، ٢٠٠٨،ل١٦)

هەرچەندە لە کاتی لە دایکبووندا ڕێژەی نێرینە لە مێینە زیاترە کەچی مێینە زیاتر لە نێرینەکان توانای مانەوەیان هەیە بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە چاودێری پزیشکی پاشیان لێ هەیە(سمعە، ٢٠٠٩،ل٥٨)

وەک لە خشتەی (٤)و شێوەی (٤) دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕەگەزی نێرینە زیاتر لە دایک دەبن لە چاو ڕەگەزی مێینەدا.

بەڵام بەردەوام ڕەگەزی نێرینە کەمتر بەدیار دەکەوێ لە چاو مێینەدا.

١- ڕەگەزی نێرینە توانای کەمتر مانەوەیان هەیە لە چاو مێینەدا.

٢- بەهۆی شەرو جەنگ و باردۆخی سیاسی کە ڕەگەزی نێر زیاتر دەمرێ.

٣- بەهۆی کۆچی زۆرەوە بۆ وڵاتانی دەرەوە کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕەگەزی نێرینە داو زۆربوونی ڕەگەزی مێینە، وەک لە خشتەی (٤)دا دیارە.

خشتەی (٤)

ڕێژەی لە دایكبوان لە ناحیەی هیران بەگوێرەی ڕەگەزلە ساڵانی(٢٠١٠-٢٠٢١)

| ساڵ | ڕێژەی ڕەگەزی مێ | ڕێژەی ڕەگەزی نێر |
|---|---|---|
| ٢٠١٠ | ١,١٩ | ١٩،٧ |
| ٢٠١١ | ٣,١٥ | ١,١٦ |
| ٢٠١٢ | ٨,١٢ | ٤,١٤ |
| ٢٠١٣ | ٨,١٢ | ٢,١٢ |
| ٢٠١٤ | ١٢ | ٤,١٢ |
| ٢٠١٥ | ١,١٢ | ٥,١٢ |
| ٢٠١٦ | ٤,١٣ | ٦,١٢ |
| ٢٠١٧ | ١٤ | ٣,١٤ |
| ٢٠١٨ | ٨,١٤ | ٩,١٥ |
| ٢٠١٩ | ٢,١٥ | ٤,١٦ |
| ٢٠٢٠ | ٧,١٥ | ١,١٧ |
| ٢٠٢١ | ١,٢٠ | ٤,٢٠ |

سەرچاوە/هەرێمی كوردستان،وەزارەتی تەندروستی بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی شەقڵاوە،تۆماری لە دایكبوون و مردن هەمان سەرچاوەی پێشوو.

سەبارەت  بە ناوچەی لێكۆڵینەوە لە ماوەی نێوان ساڵانی(٢٠١٠_٢٠١٢) ڕێژەی لە دیكبوونی ڕەگەزی نێر لە نێوان (٧,١٩_٤,١٤)لە هەزاردا بەڵام ڕێژەی لە دایكبونی ڕەگەزی مێ لە نێوان(١,١٩_٨,١٢)لە هەزاردا، لەماوەی نێوان ساڵانی(٢٠١٣_٢٠١٥) ڕێژەیلەدایكبوونی ڕەگەزی نێر لە نێوان (٨,١٢_١,١٢)لە هەزاردا بەڵام ڕێژەی لە دایكبوونی ڕەگەزی مێ لە نێوان(٢,١٢_٥,١٢)لە هەزاردا، لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٦_٢٠١٨) ڕێژەی لە دایكبونی ڕەگەزی نێر لە نێوان (٤,١٣_٨,١٤)لە هەزاردا بەڵام ڕێژەی لە دایكبوونی ڕەگەزی مێ لە نێوان (٦,١٢_٩,١٥)لە هەزاردا، لەماوەی نێوان ساڵانی(٢٠١٩_٢٠٢١) ڕێژەی لە دایكبوونی ڕەگەزی نێر لە نێوان(٢,١٥_١,٢٠)لە هەزاردا بەڵام ڕێژەی لە دایكبوونی ڕەگەزی مێ لە نیوان (٤,١٦_٤,٢٠)لە هەزاردا،جیاوازییەكی ئەو تۆ نیە لە نێوان هەردوو ڕەگەز.

## شێوەی (٤)

## ئاستەکانی لە دایکبوون بە پێی پێکهاتەی رەگەز لە ماوەی نێوان ٢٠١٠-٢٠٢١




سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەستن بە خشتەی ژمارە(4)

## بەشی سێیەم:

## ئەو هۆکارانەی کاریگەری لە سەر ئاستەکانی لە دایکبوون هەیە

### باسی یەکەم:

### فاکتەرە مرۆییەکان

### باسی دووەم:

### هۆکارە ئابوریەکان

## بەشی سێیەم: ئەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر ئاستەکانی لە دایک بوون هەیە:

لەدایک بوون لەهەر دەولەتیک یان کۆمەڵگایەک کاریگەری بە چەند فاکتەرێک هەیە لەوانە:

### باسییەکەم: فاکتەرە مرۆییەکان:

رۆڵی فاکتەرە مرۆیەکان تا رادەیەکی زۆر کاریگەری هەیە لە جیاوازی دابەش بوون و لە دایک بوون ، چونکە لەوانیە دوو ناوچە هەبن کە لە رووی بارودۆخی سروشتەیەوە تا رادەیەکی زۆر لەیەک بچن.

**١- هۆکاری کۆمەلایەتی:**

فاکتەرە کۆمەلایەتیەکان وەک هەر فاکتەرێکی تری مرۆیی رۆل و کاریگەری تایبەتی هەیە لەسەر رەوتی لە دایک بوون و بەرزی ئاستی لە دایک بووندا ،هۆکارە کۆمەڵایەتییە کانیش ئەمانەن(الحیدری،١٩٨٨،ص١٨٥-١٨٦).

**ا- تەمەنی شوکردن و ژنهێنان:**

شوکردن و ژنهێنان لە نێو دانیشتوندا، بەهۆی پەیوەندی نێوان کچ و کوڕ لە دەرەوەی خێزاند ، بەشوریی و ئابروچون و سوکبون لە خەلک دادانرێت ، بۆیە لە تەمەنێکی زوو هاوسەرگیری دەکەن، بۆ نموونە کچ لە تەمەنی (١٦)ساڵی و هەندێ جار زووتریش بۆی هەیە شوو بکات و کور لە تەمەنی (١٨)سالیەوە بۆی هەیە ژنبێنێ، ئەو قۆناغەش بە پیترین قۆناغی زاوزێ کردنی دانیشتوان دادەنرێت(غفور،٢٠١٢،ل١٣١-١٣٢).لە نێو دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە گشتی وناحیەی هیران بە تایبەتی ژنهێنان و شوکردن لە تەمەنێکی زۆر زوو دەست پێ دەکات، کە ئەمەش ئەوە دەگەینێ ژنهێنان و شوکردن پێش وەختە نەریتێکێ باوە لە نێو دانیشتوانی ناحیەکە بە تایبەتی گوندنشینەکان لەگەڵ کۆچ کردنیان بۆ سەنتەری ناحیەکە ئەو نەریتەیان لەگەل خۆیاندا گواستەوە رێژەی ژنهێنان و شوکردنیان بەرزکردەوە(تۆفق،٢٠٠٩،ل٣١). چونکە ژنهێنان و شوکردن لە تەمەنێکی بچوکدا واتە زووتر ئەو ژن و مێردە دەست بە پرۆسەی وەچە خستنەوە بوون دەکەن و ژمارەی مندالەکانیان زۆرتردەبێ لە ژن و مێردانەی کە لە درەنگ وەختی تەمەنیان هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن پرۆسەی وەچە خستنەوە دەست پێ دەکەن (شوانی، ٢٠٠٧،ل ٣١).

**ب- ئاستی رۆشنبیری:**

ئاستی رۆشنبیری ئەو ژنانەی لە تەمەنی بچوکدا لە رووی بایەلۆژیەوە توانای وەچە خستنەوەیان زیاترە لەوژنانەی لە تەمەنی گەورەتردا شوودەکەن ، ئێستا ئەم دیاردەیە بەهۆی پێشکەوتنی ئاستی رۆشنبیریەوە بەرەو کەمبوونەوە دەچێت(غەفور،٢٠٠٥،ل١٦٠_١٦١)سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و

دابونەریتەکەی کە کاریگەری هەیە بەسەر دانیشتوان و زوو چونە ناو پرۆسەی هاوسەری گیری بەهەردوو ڕەگەز بەمەش ناوچەی لێکۆلینەوە کەوتۆتە ژێر ئەم کاریگەریە دابوو نەریتە ڕێژەی ئەو کور و کچانەی کەوا هاوسەر گیری دەکەن بەگشتی لەتەمەنێکی بچوکن ئەمەش هۆکارە بۆ خستنەوەی وەچەی زیاتر چونکە تا لەتەمەنی بچوکتر پرۆسەی هاوسەر گیری زیاتر بێت گەشە زیاتر دەبێت.

**ج- گوتەی خەلک:**

شونەکردنیان ژن نەهێنان ، بە تایبەتی ئەگەر کور و کچ بێ عەیب و بەرچاو بن، بابەتێکی خۆشە و بۆ قسە لە سەر کردن و لێکۆلینەوەی جۆراو جۆر بۆ کەسانی دەوروبەر.هەر بۆیە لە تەمەنێکی زۆر زوودا کچەکانیان بە شودەدەن، وە لە تەمەنێکی زۆر زوودا ژن بۆ کورەکانیان دەهێنن، وە ئەوانیش دەبێ هەر زوو هەوڵبدەن منداليان ببێت ئەویش لەبەر قسە و تانەو توانج و گوتەی خەلک وە ئاستی هۆشیاری تاک لە ناوچەکە.

**د- سەنگی کۆمەڵایەتی:**

خێزانی خاوەن منداڵ بەتایبەتی ئەگەر زۆرینەیان نێرینەبوون ، لە نێو دانیشتواندا بە چاوێکی پر بايەخەوە سەیر دەکرێن، بۆیە بۆ ئەوەی لەسەر شتێکی کەم نەکەونە ناخۆشی ، چاو لە هەندێ دەست درێژیان دەپۆشن(غفور،٢٠١٢،ل١٣٢).هەروەها هەندێجار چاولێکەری لە نێوان ئەندامانی خێزانەکانی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆلینەوەکە کەوایان لێدەکات ژمارەی مندالەکانیان بەرزبێت ، یان ئارەزوویان بۆ رەگەزی نێرکە دەکەن ژمارەی کوریان زۆر بێت بەمەش ژمارەکی زۆر لە منداڵیان دەبێت، وە کیبرکێ کردن لە نێوان خێزانەکان هەندێجار بە دی دەکرێت لە نێو دانیشتوانی ناحیەی هیران کە هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی منداڵبوون.

**و-** سەبارەت بە بواری خوێندنیش ، ئەو وڵاتانەی رێژەیەکی زۆری نەخوێندەوارن بۆیە لە تەمەنێکی نزمدا خێزان پێکدەهێنن ، خۆیان درک بە فاکتەری نەخوێندەواری دەکەن لە زۆر بوونی دانیشواندا ،باشتربوونی باری خوێندن تەمەنی ژن هێنان و مێرد کردن بەرز دەکاتەوە ، لەو کۆمەڵگایانە ژن خاوەن مناڵی زۆرە بەگشتی کور بە تایبەتی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەڵدەکێشێت بۆیە ئەگەر تەنها کچی هەبێ هەولی بونی وەچە دەدات تا کوری دەبێت.(خدر.٢٠٠٦،ل٣٣)سەبارەت بە ناوچەی لێکۆلینەوە لەسەرەتای سالانی (٢٠٠٩ - ٢٠١٠)نەخوێندەواری ڕێژەیەکی زیاتر بوو بە بەراورد سالانی(٢٠٢٠ - ٢٠٢٢) بەهۆی کارکردنی کشتوکالی زۆربەی کوڕەکان وازیان لە خوێندن دەهێناو کچانیش بەهۆکاری دابوونەریت کەمتر دەیانخوێند ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی کوڕان زووتر ژن بێنن و کچان زووتر شوبکەن و گەشەی دانیشتوان زیاتر بێت.

**٢-بەرزبوونەوەی پیتی:**

بەرزبوونەوەی ڕێژەی پیتی ئەو پرۆسە ئالۆزەیە ، کە بەر پرسیارە لە بەردەوام بوونی کۆمەڵ و لایەنێکی بنجینەوەی لێکۆڵینەوە دیمۆگرافیەکان پێکدەهێنێ توانای ئافرەت بۆ زاوزێیە لە سایەی هەلومەرجی سروشتی دا.(تۆفیق،٢٠٠٩،ل٣٣) زۆربەی دیمۆگرافیەکان زاراوەی پیتی (fertility)بۆ ئاماژە کردنی پرۆسەی راستەقینەی زاوزێ بەکاردێنن، لەلایەکی ترەوەپیتی زیندەکی توانای فیسیۆلۆژی ئافرەتە بۆسکپڕی و منداڵبونە یاخود توانای منداڵبوونە لە کاتی سکپڕیدا(تالب،٢٠٠٠،ل٩٥)وە دەکرێ ڕێژەی بەرزی مێینە لە تەمەنی منداڵبونندا بە فاکتەرێکی بەرزبوونەوەی ڕێژەی پیتی بژمێردرێ. وەک شاکر خصباک دەڵێ:ڕێژەی مێینە لە تەمەنی سک پڕیدا(١٥-٤٩)ساڵی دایە ،وەکو نێوەنجیش ڕێژەی مێینە لە تەمەنی (٢٠%)ی سەرجەمی دانیشتوان کەمتر نیە، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە.(محمد،١٩٩٩،ل١١١)بەڵام ڕێژەی پیتی لە ناحیەی هیران تا رادەیەک کەمە بەراورد بە شارەکانی تر ئەمەش بۆ ئاستی هۆشیاری ناوچەکە دەگرێتەوە بۆ خستنەوەی وەچە ، سەباری قەیرەی کچان کە دیاردەیەکی بەرچاو بڵاوە لە نێو دانیشتوانی ناحیەکە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ڕێژەی پیتی لە نێو دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە هەر بەرز دادەنرێت.

**٣-هۆکاری ئایینی:**

هۆکارێکی تر زۆری ژمارەی لە دایک بوون بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەگەرێتەوە کە لە بار بردن قەدەغە دەکات و هانی زوو پێکەوەنانی خێزان دەدات و فەرمودەی پێغەمبەر (صل ألله علیه و سلم )کە (آبغض الحلال عندالله الطلاق) واتە قێزەوترین حەلال لەلای خوای باڵا دەست تەڵاقدانە(سعید،٢٠٠٨،ل١١٣) هەروها لە سورەتی (النساء) دا هاتووە کە زیاتر لە ژنێکی بۆ پیاوان حەڵا کردوە، بەم شێوەیە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێدەکات(فنکحوا ما طابلکم النساء مثنی و ثلثور با عفا نخفتماء لا تعدلوا فوا جدها وما ملکتا یما نکمد لکاذني الا تحولوا) (سورة النساء، من اية(٣) وە ئاینی ئیسلامیش ئاینی سەرەکی زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکەیە،ئەم ئاینە کاریگەری زۆری لەسەر ڕێژەی لە دایکبوون هەیە،وەک لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژەی بۆ دەکاتو،لاتقلوا اولادکم خشیة املاق نحن نرزقهم وایاکم ان تقلهم کان خطا بۆیە لە ساڵی ٢٠٢١ لە ناحیەی هیران ٣٦٨کەس زەواجی کردووە ئەمەش ڕێژەیەکی باشە بۆ ناوچەی لێکۆلینەوە چونکە دانیشتوانی ناوچەکە پابەندن ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

**٤-فاکتەری سیاسی:**

فاکتەری سیاسی بە داینەمۆی گۆرانکاری و هەلومەرجە مێژوویکان دادەنرێ ، بۆیە ناکرێ لەئالوگۆرا مێژوویەکان و گواستنەوەی کۆمەلگا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر تێبگەین بەبێ لێکدانەوەی بارودۆخە سیاسیەکان بە شێوەیەکی بابەتیانە،(شوانی ، ٢٠٠٧،ل١٢٣).

لەڕوی سیاسیەوە هەرچەندە هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆ لەڕوی بیرکردنەوەو هۆشدا لەنێوان پیاو و ژندانیە ، بەلام لەبارودۆخە کۆمەلایەتیەکاندا بەتایبەتی لە ولاتانی ئێمەی (ڕۆژهەلات ) بەژداریکردنی ژنان تا ئەمرۆ لە کاری سیاسی وەک پێویست نیە ، (فەتح الله٢٠١٤،ل١٥٥)، وەهۆکاری سیاسی یەکێکە لەو هۆکارە مرۆیانەی کەوا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دیاردەی لەدایک بوون ، هەروەکو ڕون و ئاشکرایە ئەو باروو دۆخە سیاسیەی کەبەسەر خەلکی کوردستان ناوچەی لێکۆلینەوە هاتوە وەک پرۆسەی ڕاپەرین و شەڕی ناوەخۆ ئەم بارو دۆخە سیاسیەش کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر چینی گەنجان و دوواکەوتنی پرۆسەی هاوسەر گیریان ، کەمبونەوەی ڕەگەزی نێر ئەمانەش هەمووی کاریگەریان هەبووە لەسەرڕێژەی لەدایك بوون ، لەکۆتایی ئەم باسەی لێکۆلینەوەکەماندا دەگەین بەو ئەنجامەی کەوا هۆکارە مرۆیەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە کاریگەری زۆر بەرچاویان هەیە لەسەر دیاردەی لەدایک بوون لە ناحیەی هیران .

**٥- کۆچکردن:**

بریتیە لە جولەی دانیشتوان لە شوێنکەوە بۆ شوێنکی تر ، کە کۆچکردنیش دوو شێوازی هەیە کۆچی بە زۆرە ملێ و کۆچی ئارەزوومەندانە،کۆچی بە زۆرە ملێ ئەو کۆچەیە کە بە زۆر دانیشتوانەکەی لەناوچەیەکەوە کۆچ بکەن بۆ ناوچەیەکی تر وەک ئەوەی لە سالانی زوو کە حکومەتی بەعس گوندەکان وێران کردن و خەلکەی ناچار کۆچیان کرد بۆ شارەکە وە بەشێکیانیش بە هۆی کێشەی کۆمەلایەتی و دوژمنداریەوە کۆچیان کردوە، هەروەها کۆچی ئارەزوومەندانەش ئەو کۆچەیە کە خەلکەکە بە حەزو ویست وئارەزووی خۆی کۆچی بۆ ئەم ناوچەیە کردووە کە ئەویشیان لەبەرکارو پیشەکەیان کە لەم ناوچەیە دایەیان لەبەر هەر هۆکارێکی تر بێت، کە هەموو ئەمانەش کاریگەری دەبێت لەسەر کۆبوونەوەی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆلینەوەکە لەسەر ڕێژەی لە دایک بوون ،هەروەها کۆچێکی تر هەیە ئەویش کۆچی لاوانە بۆ دەرەوی ولات چونکە کۆچکردنی هەر لاوێک واتە کەمبونەوەی خێزانێک ، کە زۆربەی ئەو لاوانە کە کۆچیشیان دەکرد لە رەگەزی نێر بوون ، کە ئەمەش دەبوە قەیرە بوونی

کچان و بێبەشبونیان لە پرۆسەی هاوسەرگیری . کە ئەم دیاردەی کۆچکردنەش بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو دەکەوێت لە ناحیەی هیران ئەمەش کاریگەی نەرێنی هەیە لەسەر لە دایکبوون.

## باسی دووەم: هۆکارە ئابوریەکان:

### ١- پیشەسازی:

گومان لەوەدانیە کە پەرەسەندی ئابوری لە ماوەدای دوور داپشت بە پیشەسازی دەبەستێ، پیشەسازی بەشارەگی پەرەپێدانی چالاکییەکانی تری ئابوری دادەنرێت، بۆیە گرنگییەکی گەورەی هەیە لەگەشە پێدانی ئابوری هەر ناوچەیەکداو دابەشبونی جوگرافیای پیشەسازیش کاریگەری هەیە لەسەر دابەشبونی دانیشتوان و چرییان هەیە(عەلی،٢٠٠١-٢٠٠٢،ل١٤٣) لە ماوەی بەر لە شۆرشی پیشەسازی منالان بە رێژەیەکی زۆر بەشداربوون لە داهاتی خێزان، چونکە رێژەیەکی زۆری دانیشتوان لەکشتوکاڵدا کاریان دەکرد.بۆیە پیویستیان بە ژمارەیەکی زۆری منالبوو تا داهاتی خێزان زیاد بکات ، لە ماوەی سەرەتاکانی پیشەسازی رستن و چنین و کارکردن لە کانەکان منالان توخمێکی ئابوری گرنگ بووە ، چونکە بە کرێیەکی کەمتر لە گەورەکان کاریان دەکرد (سمعە،٢٠٠٩،ل٨٣) ،لەگەڵ گەشەی پرۆسەی بە پیشەسازی بوون ژمارەی ئەو دانیشتوانانەی لە کشتوکاڵدا کاریان کردووەکەم بووە و رۆلی منالانیش وەک و بەرهەمهێن باوی نەما.بەڵام سەبارەت بە ناحیەی هیران لە رووی چالاکی پیشەسازی زۆرپشت گوێ خستراوە لەلان حکومەت بۆیە تەنها چەند پیشەسازیەکی بچووکی لێیە کە بەشێک لە دانیشتوانی ناحیەیەکە لەو پیشەسازییانە کاردەکەن و داهاتێکی باشیان دەست دەکەوێت. وەکو(کارگەی دروستکردنی سرکە، کارگەی دروستکردنی نانی قەیسی و سێو، کارگەی دروستکردنی شەربەت و تەمەرهیندی و باسوق...هتد) ئەم چالاکیە لەهەموو چاکیەکان پیوسترو سودی زیاترە بۆ هەموو لایەنەکان و زیادبوونی چری دانیشتوان و دابەشبوونی دانیشتوان.

### 2- گواستنەوەو بازرگانی:

ڕێگای گواستنەوە : گواستنەوە فاکتەرێکی گرینگە کار دەکاتە سەر دابەشبوونی چڕیان بەتایبەتی لەدووای پێشکەوتنی ئامێرەکانی هاتوو چۆ لەسەردەمی ئێستا دا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چالاکیەکانی تری ئابووری و کۆمەلایەتی هەیە هەروەکو چالاکیە کشتوکالی و پیشەسازی و جولەی دانیشتوانیش ناوچەیەکی تری پەیوەندی بەم لایەنەوەرادەی پێشکەوتنیەوە هەیە(علی ،٢٠٠٧،ل١٤٦-١٤٧).. دەردەکەوێت کەوا ڕێگاو بانی ناوچەی لێکۆلینەوە دابەش دەبێت بۆ دووجۆر ئەوانیش:

ا- ڕێکای قیرتاوکراو ئەو ڕێگایە ڕۆلی سەرەکی دەگێرێ لەبەرەو پێشچونی کشتوکال و گواستنەوەی بەرهەم بۆ بازاڕ و ساخکردنەوەی لە بازاڕەکان ، تێک چونی کشتوکالیش کەمدەکاتەوە (سەعید،٢٠٠٦،ل١٨٧).

ب- ڕێگای چەوڕێژ یاخود خۆلی یەکێکە لەجۆرەکانی تری ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل ، ئەم جۆرەڕێگایە لە چەند ڕێچکەیەکی جولاوی یاخود تێکەلە ڕێژکراوی تەسک پێکهاتوە زۆربەی وەرزەکانی سال هاتوچۆکردنیان لەسەرە ، مەبەست لە درووستکردنی ئەمڕێگایە بەستنەوەی گوند و شارە بەیەکتریەوە (عبدالخالق،٢٠١٥،ل١٠).

ناحیەی هیران لەڕێگای کۆمەلێک هێلی گواستەوە بە ناوچەکانی دەوروبەری بەستراوەتەوە هۆکاری سەرەکی ئەم پێگەیشتنەش ڕێگای ئۆتۆمبێلە ، بەچۆرێك ناحیەی هیران بەهەریەك لە شارەکانی (هەولێر و کەرکوک وسلێمانی)دەکات بەهۆی کۆمەلێك ڕێگای گواستنەوەی قیرتاو بەدرێژی جیاوازە (سلیم،٢٠٠٦،ل١٩٨).

خشتەی (٥)

ڕێگای گواستنەوەی قیرتاوکراو

| سالْ | جۆرەکەی | درێژی |
| --- | --- | --- |
| **هیران-هەولێر** | قرتاو | ٦١کم |
| **هیران-کەرکوک** | قرتاو | ٩٤کم |
| **هیران-سلێمانی** | قرتاو | ١٢٠کم |

گواستنەوەیان تیادا ئاسانە هۆکارە بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان لەم ناوچەیە و ئەنجامدانی بازرگانی لەوناوچەیەدا، لە ئەنجامی زۆری دانیشتوانیش دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر تر مندالْ لەو ناوچەیەدا لە دایک ببێت بەمەش رێژەی لە دایک بوون بەرز دەبێتەوە.

**٣-سیاسەتی حکومەت:**

وەك فاکتەرەکانی تر کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەرڕێژەی لەدایك بوون ئیتر چ بەڕاستەوخۆ بێتیان نا ڕاستەو خۆ ، ئەمەش لەڕێگە ئەو پرۆژە یاسایانەوە کە حکومەت بۆ ئەم مەبەستە پەیرەویان دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ناڕاستەو خۆ لەڕێگای چەند بڕیارێکەوە هەولی زیاد بوونی ڕێژەی لەدایك بوونی داوە وەك پێدانی مۆلەتی دایکایەتی -بڕینەوەی دەرمالە بۆ مندال و دروستکردنی داینگەی تایبەت بۆ بەخێوکردنی مندالی فەرمانبەران هەموو ئەمانە بۆتە هۆی هاندەرێك بۆ مندال خستنەوەی زیاتر لەلای هەندێك خێزان (یوسف،٢٠٠٩،ل١٥).

هەروەها پێشینەی خانوبەرە و دروست کردنی خانوبەرە و شوقەکان کە هەموو ئەوانە هۆکارێک بوون بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەر گیری (وانەکانی شوانی ،٢٠٢٠-٢٠٢١)بەڵام سەبارەت بە ناوچەی لێکۆلینەوەش کە سیاسەتی حکومەت لە ناوچەکە پەیرەو کراوە وەک پێدانی مۆلەتی دایکایەتی -بڕینەوەی دەرماڵە بۆ منداڵ و دروستکردنی داینگەی تایبەت بۆ بەخێوکردنی منداڵی فەرمانبەران هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ زیادکردنی ڕێژەی لە دایکبوون لە ناحیەی هیران.

## ئەنجامەکان

١_ئەوەی پەیوەستە بە ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی هیران لە ساڵی(٢٠١٠-٢٠٢١) لە کۆی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگادا لە بەرزبوو دابوو،بەڵام سەبارەت بە ڕێژەی لە دایکبوون لە ناحیەیەکە لە ٢٠١٠تا ٢٠١٥ڕێژەی لە دایکبوون تیایدا بەرەو کەم بوونەوە چووە ئەویش بۆ هۆکارە(کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و داهاتی تاکە کەس و بەهۆی کۆچکردنی زۆرەوە هۆکاری سیاسی دەگەڕێتەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٥-٢٠٢١ڕێژەی لە دایک بوون بەرزبوونەوە چووە.

٢- دەردەکەوێ کە لە ساڵی٢٠٢١ زۆرترین ڕێژەی منداڵ تیایدا لە دایکبووە،وە لە ساڵی٢٠١٤ کەمترین منداڵ لە دایک بووە بەهۆی فاکتەری مرۆیەکان و ئابووریەکان کاریگەریان لەسەر لەدایکبوون هەبووە.

٣- ئاراستەکانی لە دایکبوون بەپێی رەگەز، کە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ ڕێژەی نێرینە لە ڕێژەی مێینە زیاترە، ئەم دیاردە دیموگرافیە لە گشت سەرژمێرییەکاندا. بە روونی دیارە، بەڵام مێینەکان توانای مانەوەیان زیاترە لە رووی بایەلۆجیەوە لە چاو نێرینەکاندا.

٤- فاکتەرە مرۆیەکان کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر لە دایکبوون لە ناوچەی لێکۆلینەوە کە خۆی لە هۆکارە(کۆمەڵایەتی،ئاینی،کۆچکردن، سیاسی،بەرزبوونەوەی پیتی) کە لەماوەی ساڵانی (٢٠١٠_٢٠٢١) کاریگەری زۆریان لەسەر لە دایک بوون بووە.

٥- فاکتەرە ئابوریەکان بە دووەم هۆکار دادەنرێ کە کاریگەری هەیە لەسەر ڕێژەی لە دایکبوون لە ساڵانی (٢٠١٠_٢٠٢١)لە ناوچەی لێکۆلینەوە دا ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ کەمتر بخەنەوە چونکە تا خێزان منداڵ زیاتر بخاتەوە ئەوا پێداویستەکانیان زیاتر دەبێت.

## ڕاسپاردەکان

لێرەدا چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەك دەخەینە بەرچاو بۆ لایەن و دام و دەزگاکان بەمەبەستی زیاتر پێشخستنی بواری بابەتی توێژینەوەکەمان:-

١ـ ڕێگەنەدان بە هاوسەرگیری پێش وەخت .

٢ـ گرنگی زیاتر بدرێت بە منداڵانی تازە لە دایک بوو لە رووی پاراستنی تەندروستی و کۆمەلایەتی، کە دەبێتە هۆی زیاد بوونی لە دایکبوون .

٣ـ گرنگیدان بە هۆشیار کردنەوەی هاوڵاتیان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان منداڵ و کوتانی منداڵان و سەردانی نەخۆشخانەکان.

٤ـ ڕێگەنەدان بە کارپێکردنی منداڵان و پاراستنی مافی منداڵان و ناردنیان بۆ خوێندن و فێرکردن.

٥ـ گرینگی دان بە ئاماری لە دایک بوون لە دام و دەزگای پەیوەندی دارەکان و تۆمارکردنی لە دایکبوون لەسەر بنەمای رەگەزی نێرو مێی بەشێوەیەکی وردو دروست.

# لیستی سەرچاوەکان

**ئایەتی قورئان**

## سەرچاوە کوردییەکان:

**یەکەم: پەرتووك**

1- باوەجان، قادر، گەشتێکی مەیدانی بە چیاکانی کوردستاندا، بەرگی دووەم ،جاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر،٢٠٠٩.

٢- خدر، ئەحمەد عەبدولا، زۆربوونی دانیشتوان گەشەسەندنی دانیشتوان لە کوردستان ،چاپخانەی شەهاب،٢٠٠٦.

٣- سعید، کامەران تاهیر، قەزای کۆیە لێکۆلینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی ،سلیمانی،٢٠٠٨.

٤- سەعید،عوسمان تەنکە،دابەشبونی دانیشتوان لە قەزای شەقلاوە، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی ،٢٠١٢.

٥- سمعە، موسا عبوە و سهاونە،فوزی عەبد، جوگرافیایی دانیشتوان ،و: شوانی، هیوا ئەمین ، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٩.

٦- سەلیم،هیوا سادق، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبونی دابەشبون لە قەزائ کۆیە ، ١٩٥٧_٢٠٠٢،بەغداد،٢٠٠٦.

٧- غەفور، عەبدوللا، جوگرافیای دانیشتوان چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، بڵاوکراوەی ئەکادیمای کوردی،٢٠١٢.

٨- غەفور،عەبدوڵلا،ئەنتۆ دیمۆگرافیایی باشوری کوردستان،چاپییەکەم، چاپخانەی رەنج،سلێمانی،٢٠٠٠

٩- غە فور،عەبدولا،جوگرافیای کوردستان، چاپخانەی پەروەردە،چاپی چوارەم ، هەولێر،٢٠٠٥

١٠- طالب، جەزا تۆفیق، بایەخی جیوپۆلۆتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بڵاوکراوەتەوە، چاپی دووەم ،سلێمانی،٢٠٠٠.

١١- فەتح الله، سەفین جەلال، بنچینە و بنەمەکانی زانستی جوگرافیای سیاسی ،چاپییەکەم،٢٠١٤.

١٢- محمد امین،هاورێ یاسین، لێکۆلینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان،چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ،سلێمانی ،٢٠١٤.

١٣- وهیبە ، عبدالفتاح محمد، جوگرافیای دانیشتوان ، و.:گەرمیان محمد احمد، چاپی یەکەم ، چاپخانەی گەنج،٢٠١١.

**دووەم: نامەی ماستەر و تیزی دکتۆرا**

١- تۆفیق، پشرەو سەمەد، شیکردنەوەیەکی شوێنی دانیشتوانی شاری رانیە، نامەی ماستەر،کۆلێژی زانستیە کۆمەلایەتییەکانی زانکۆی کۆیە،٢٠٠٩.

٢- سەعید، کامەران تاهیر، قەزای کۆیە لێکۆلینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی،نامەی ماستەر، پێشکەشکراوە بە کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە،٢٠٠٦.

٣- شوانی،هیوا ئەمین جلال ، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،٢٠٠٧.

٤- عەلی ،ساسان حکمت، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە پارێزگای هەولێر ،زانکۆی سەڵاحەدین، نامەی ماستەر،٢٠٠٧.

٥- یوسف، عطا حمە لاوحمە، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان ١٩٩٧_٢٠٠٩پارێزگای هەڵەبجە، ناوەندی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆییەکان، زانکۆی سلێمانی،٢٠٠٩.

٦- سلیم ،فەرامۆش کاکە لاو، هەلبەزودابەزی ئاووهەوا و کاریگەری لەسەر پشووی فیسیۆلۆجی مرۆڤ لە پارێزگای هەولێر، ماستەر، زانکۆی کۆیە، 2020.

**سێیەم: گۆڤارەکان**

1- بەکر، بنار عبدلخالق وکوخا سادق، محمد زاهیر، کاریگەری رێگاوبانی ئۆتۆمبێل لەسەر بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی لە پاریزگای هەولێر ،گۆڤاری زانکۆی راپەرین، زانکۆی راپەرین ،٢٠١٥.

2- محمد، خلیل اسماعیل،رەوشەکانی پیتی و زاوزێ لە پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی، ژمارە(٢٧)، سلێمانی،١٩٩٩.

**چوارەم: : دام و دەزگاکان**

1- بەرێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ و ئاودێری هەولێر، بەشی کەشناسی وێستگەی شەقڵاوە، داتای بڵاونەکراوە٢٠٢١.

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی، دەزگای بالای ئەیلول، بەشی کارگێری، راپۆرتێك دەربارەی شۆرشی ئەیلول سالی(١٩٦١) چاپکراوە بلاونەکراوەتەوە.

3- فەرمانگەی کارتی نیشتمانی هیران٢٠٢١/٩/٢١.

4- هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی شەقڵاوە، تۆماری لە دایکبوون و مردن لە ساڵی (٢٠١٠-٢٠٢١).

**المصادرالعربية:**

**الأول: الكتب**


١- الحديثي، جغرافية السكان، مطبعة مديرية دار الكتب للطباعة والنشر،١٩٨٨.

٢- الخفاف، عبد علي حسن و الريحاني، عبد فخور،جغرافية السكان، مطبعة، جامعة البصرة، البصرة،١٩٨٦.

٣- السعدي، عباس فاضل، المفصل في جغرافية السكان، بجامعة لابغداد،٢٠١٤.

٤- الحيدرى، عبدالبقاقى عبدالجبار امين، علم الاجتماع الضري، مطبة جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٨٨.

٥- محمد، خه ليل اسماعيل، قطاء خانه قين، في جغرافية سكان مطبعة كاني، بغداد١٩٧٧.


**الثاني: رسائل الماجستير و أطروحة دكتوراه**


1- توفيق، بيشرو صمد، التغيرات السكانية في معافضلة اربيل منذ منتصف القرن العشرين، دراسة في جغرافية السكان رسالة الدكتوراه، مقدمة الي كلية اداب ، جامعة السكندرية،٢٠١٥.


**چاوپێکەوتن**


١- هيرانى، شيراز اسماعيل، فەرمانبەر لە وێستگەی کەشناسی شەقڵاوە،٢٠٢٢/٩/٢٢.

٢- حسين ، بکر ئەحمەد،٢٠٢٢/٩/٢٣.


**وانەکان**


١- شوانی، پ.ی.د.هيوا ئەمين، وانەی زانکۆ،قۆناغی دووەم،٢٠٢٠_٢٠٢١.


## English Source:


1-HTTPS://AR.M.WIKIPEDIA.ORG/WIKI/ هيران